# له رۆژی قیامەتدا ئیماندار نزیک دەکرێتەوە لە پەروەردگاری -عز وجل-، هەتا دای دەپۆشێت لە چاوی خەڵکی، ودان دەنێت بە تاوانەکانی

لە سەفوانی کوڕی موحریزەوە دەڵێت: پیاوێك ووتی بە ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت-: چیت بیستووە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە (نەجوا:قسەی نهێنی)؟ ووتی: بیستوومە فەرموویەتی: «لە رۆژی قیامەتدا ئیماندار نزیک دەکرێتەوە لە پەروەردگاری -عز وجل-، هەتا دای دەپۆشێت لە چاوی خەڵکی، ودان دەنێت بە تاوانەکانی، پەروەردگار دەفەرموێت: «ئایا دەزانیت؟»، دەڵێت: بەڵێ، پەروەردگار دەزانم، پەروەردگار دەفەرموێت: «من لە دونیادا تۆم پۆشی وسیترم کردی، وئەمڕۆ لە تۆ خۆش دەبم»، بۆیە کتێبی کردەوە چاکەکانی پێدەدرێت، بەڵام کافر ومونافیقەکان؛ لەپێش هەموو خولقێنراوەکان بانگ دەکرێن (دەووترێت): ئەمانە درۆیان کرد بەناوی خوای گەورەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی گفتوگۆی نێوان الله وبەندەی ئیماندارمان بۆ دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا، دەفەرموێت: ئیماندار لە ڕۆژی قیامەتدا نزیك دەکرێتەوە لە پەروەردگار؛ هەتا پەروەردگار دایدەپۆشێت وسیتری دەکات لە خەڵکی بۆئەوەی نهێنیەکانی نەزانن، وپێی دەفەرموێت: ئایا ئەو گوناهە وئەوی تر دەزانیت... دانی پێدا دەنێت لەسەر ئەو گوناهانەی لە نێوان خۆی وپەروەردگاری کردوویەتی. دەڵێت: بەڵێ ئەی پەروەردگار. هەتا دەگاتە ئەوەی بەندەی ئیماندار دەترسێت ودادەچڵەکێت، الله -سبحانه وتعالى- پێی دەفەرموێت: من لە دونیادا تۆم داپۆشی وسیترم کردیت، وئەمڕۆ لەو گوناهانەت خۆش دەبم، بۆیە تۆماری کردەوە چاکەکانی پێدەدرێت. بەڵام کافر ومونافیق لە پێش هەموو خەڵکی بانگ دەکرێن: ئەوانە درۆیان کرد بەناوی پەروەردگاریانەوە، نەفرەتی الله لەسەر ستەمکاران.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4242